# چارەسەری کاتی یان چاوەڕوانی زیاتر!

ماوەیەکە میدیاکانی نەرویج قسەیان لەسەر سیاسەتی ڕاست و دژە پەنابەری دەوڵەتی نەرویجە بە تایبەتی بە دووای ئەوەی کە زۆرێك لەو پەنابەرانەی کە دووا ڕەفزیان وەرگرتووەو ناتوانرێت بگێڕدرێنەوە بۆ وولاتەکانی خۆیان خراونەتە سەرجادە. ئەم سیاسەتەی دەوڵەت بۆتە جێگای نیگەرانی و ناڕەزایەتی بەشێك لە حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی پەرلەمان و کۆمۆنەکان و ڕێکخراوە ئینساندۆستەکانی نەرویج. تەنانەت ئەم سیاسەتەی دەوڵەت بە ڕادەیەك نائینسانیە کە کۆمیسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانی لە سویدیش هێناوەتە دەنگ و ئەمە بۆ دووەم جارە کە ڕەخنە لە سیاسەتی دەوڵەت و شەخسی ئارنا سولبێرگ، وەزیری شارەوانیەکان، دەگرێت. بەڵام هەموو ئەم ناڕەزایەتیانە بەرامبەر بە بەبشێك لە سیاسەتەکانی دەوڵەتەو وەڵامگۆی وەزعیەتی پەنابەران نیە و ڕێگا چارەی کاتی یەو کێشەکە لە بنەڕەتەوە چارەسەر ناکات.

بەشێك لەم پەنابەرانە ئەو کوردانەی عێراقن کە زیاتر لە 5 ساڵە لە نەرویجن و هەر ڕۆژە بە بیانوویەك وەڵامی ڕەفز بە داواکانیان دراوەتەوە. تا دوێنێ بە ئیتیفاقیەی واشنتۆنی نێوان پارتی و یەکێتی و ئامن بوونی کوردستان و نەبوونی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان و چەندین بیانووی پووچی تر ئەم ئینسانانەیان لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتبوو، وە کاتێکیش کە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق نزیك بووبووەوە مەلەفەکانیان ڕاگیراو جارێکی تر لەگەڵ کەیسی هەموو عێراقیەکاندا سەیر کرایەوە و ئێستاش دووبارە سوڵبێرگ دەیەوێت بڵێتەوە کە کوردستان ئامنە! 5 ساڵە ئەم پەنابەرانە هەر ڕۆژە بەرەو ڕووی سیاسەتێکی دژە ئینسانی ئەم دەوڵەتە دەبنەوەو ڕۆژ لە دووای ڕۆژ مافەکانیان لێدەستێنرێتەوە تا ئەوەی بەشێکی زۆریان خراونەتە سەرجادە و سوڵبێرگ زۆر بێ شەرمانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەمە بۆ ئەوەیە کە لە بەرنامەی بەناو "ئازادانە"ی ئەوان بۆ گەڕانەوە خۆیان ناونوس بکەن. چ ئازادانەیەك کە پارووە نانی دەمی ئینسانەکان بگریتەوەو بە سیاسەتی برسیکردن مامەڵە لەگەڵ پەنابەراندا بکرێت لەم وولاتی بەناو خۆشگوزەرانی دیموکرسی یە دا!؟

ئێمە وەك ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج هەموو ئەو سیاسەتانەی دەوڵەت مەحکوم دەکەین و هەروەك چۆن بە پشت بەستوویی بە هێزی پەنابەران خۆیان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرەو ڕووی سیاسەتەکانی دەوڵەت بووینەتەوە، ئەمجارەش ڕادیدەگەیەنین کە ئەم مامەڵەیە قبووڵ ناکەین و بە دژی دەوەستینەوە. هەر لێرەوە ڕاشی دەگەیەنین کە ئێمە بە هیچ یەکێك لەو چارەسەرە کاتیانە ڕازی نین، چونکە بە مانای هێشتنەوەیانە لە چاوەڕوانی زیاتر و لەژێر پێنانی زیاتری مافەکانیان. بۆ هیچ کەس ئاشکرا نیە سیناریۆیەکی ڕەش کە بەهۆی داگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و دەستەو تاقمەکەیەوە لە عێراق لە ئارادایە، کەی و چۆن کۆتایی دێت و کەی سولبێرگ دەتوانێ بەزۆر بیانگێڕێتەوە و لە سەرەتایی ترین مافی ئینسانی خۆیان بێبەشیان بکات!؟ بۆیە ئێمە دەڵێین هەر ئێستا دەبێت مافی پەنابەریان پێبدرێت و چیتر لە چاوەڕوانیدا ڕانەگیرێن و ئێمە بۆ ئەم کارە وەك هەمیشە لەمەیداندااین و لە هەوڵی خۆماندااین .

## ڕێکخراوی پەنابەرانی کوردی عێراق لە نەرویج

## 06.10.04

وێنەی بۆ /

وەزارەتی شارەوانیەکان

هەموو میدیاکان

هەموو حیزبە سیاسیەکان

هەموو ڕێکخراوە ئینسانیەکان


**IKAF**

**Postboks: 8926 Youngstorget**

**0028 Oslo**

**ikafn@yahoo.com E-post:**

**Tlf.: 91114116 97626166**